# لەگەڵ مردنی بیلالی شیرەخۆردا هەمووومان شایان بە مردنین !



ئاری عەبدوللەتیف

لە پرسەو بەخاك سپاردنی بیلالی تەمەن شەش مانگدا ڕۆژی (10/ئاب/2006) لە گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجە ئامادەبووم ئەو منالە شیرەخۆرەی لە بێشکەکەی خۆیدا لە لەحزەیەکی مەرگهێن دا گیانی پاکی سپارد و بۆ هەتا هەتایە ژیانی تاڵ و پڕ لە میحنەتی چەرخی هەڵەبجەی بەجێهێشت.

بیلال بوو بە قوربانی نەکردنەوەی کەلاوەکانی هەڵەبجە و بوو بە قوربانی شانزە ساڵ لاموبالاتی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لەهەمبەر هەڵەبجە و هەڵەبجەییەکان و بێشکە شکاوەکەشی شاهیدی ئەو ڕاستیەیە کە دەسەڵات توانای هیچ خزمەتگوزارییەکی نییە بەرامبەر بە خەڵك ئەمە لەکاتێکدا نەشی توانیوە وا بکات منالآنی کورد ژیانێك بژین شایەن بە ئینسانی بوون و ئاسوودەییەکی ڕاستەقینە دەنا بۆ دەبێ لەدنیای پێشکەوتن و ئەم چەرخە پڕ لە پارەو سامان و وەبەرهێنانەدا منالێك لە ژێر کەلاوەیەکدا بژی و بمرێ و کەسیش باسی نەکات، مردنی بیلال مردنی هەموومانە، مردنی یەك بەیەکی هەڵەبجەییەکانە، ئیتر لەپاش ڕووخانی ئەو کەلاوەیە دەبێ ئێمەی هەڵەبجەییش بزانین کە چارەنووسمان لە چارەنووسی بیلالی شیرەخۆر باشتر نابێت چونکە لەسەردەمێکدا دەژین بەلێنەکان بەسەرماندا وەکو لێزمەی باران دائەکەن و ڕوومەتی تاقە یەك گولێش تەڕناکەن، میحنەتی دەسەڵات لێرەوە دەستپێدەکات برادەران ! هەزاران کۆشك و ڤێللا پێشبڕکێ لەگەڵ هەوردا دەکەن و لەوێش لە هەڵەبجە، کەلاوەکان ئەمرن و بێشکەکان ئەمرن و بیلالەکانیش هەموویان هەر ئەمرن.